# ئافرەت .... مرۆڤێك لە پەراوێزی كۆمەڵگادا

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
**hoshyarebdelaziz@yahoo.com**

**یەكێك لەبنەماكانی سیستەمی زەبروزەنگ وتوندوتیژی ئەو دیاردە و پرۆسە بەردەوام و باوانەیە كە ڕۆژانە لێرەو لەوێ لەشێوەی كوشتن وئازاردان وناچاری خۆسوتاندن دووبارە دەبێتەوەو بەردەوام لە پێكهاتەی كۆمەڵگادا بوونی هەیە وبوەتە حاڵەتێكی ئاسایی كۆمەلآیەتی ، ئەم پرۆسەی زەبرو زەنگ و كەپت كردنە راستەوخۆ لە سیاسەت و دەسەلآتی كۆمەلگاوە گوێزراوەتەوە بۆ نێوو چوارچێوەی خێزان و بە خەستی لەسەر هەمان پێوەرو خەسڵەتی دەسەلآتی كۆمەلگا زەبروزەنگ و سەرداریێتی پیاووەك فۆرمێكی چەسپیوو بنەمایەكی تۆكمەی بۆخۆی بونیات ناوەو وایی لێهاتوە قسەكردن و ئاوڕ لێ دانەوەی لەلایەن هەركەسێكەوە بەشتێكی نەشیاو ناچیزە بژمێردرێ و ناكرێ گفتوگۆی لەسەر بكرێت . چونكە پێكهاتەی خێزانی ئەوكۆمەلگایانەی كە زەبروزەنگ بوەتە بنەمایی لێكدانەوەو ئاكاریی گشتی بۆخۆیی پێكهاتەیەكی تێكشكاو نەخۆشەو ناتوانێ بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەو فۆرمە نوێیە قبوڵكات كە پایەكانی لەسەر تەبایی ویەكتر قبوڵكردن وەساوە، لیرەشەوە سەركوتكردن و كەپیتی ڕۆژانە ئەبێتە لا یە نێكی ئاسایی و وەك ئامرازێكی هەمیشەی وپێویست دەبینرێ بۆ هەڵسوكەوت وكاری ڕۆژانە ولەو نێوانەشدا تەنها پیاوو سەروەرە. واتە پیاو كە لەسەدەكانی رابردو تانهۆئامادەبوونی هەیە سەرداری رەهایەو هیچ دەسەلآتێك بۆئافرەت ناهێلێتەوە و تەنهاش بەوەرازی نی یە .كە سەرداری خێزان یاخود كۆمەلگا و خێڵێك بێت وبەڵكو دەسەلآتی تەواوی پراكتیزە كردوەو پێویستی بە نرخ و شایان لێ نانی زیاتر هەیەودەبێ هەرئەندامیك لەو خێزان و كۆمەلگا یە زیاتر بایەخی پێ بدەن . هەروەك نرخ و شایان لێنانی شتگەلێكی پیرۆزكراوو كە لە كۆمەلگا ئاینیكاندا وەستان لەبەرانبەری كارێكی نەكردەیە و لە هەرحاڵەتێكدا دەست بۆ كەپت و سەركوتكردنیش بەرێت ئازادەو نابێ ڕێگیری لێكرێ. واتە پیاو لەكۆمەلگا ئاینیەكاندا و بەتایبەت بەشێك لەكۆمەلگارۆژهەلآتی و عەرەبییەكان ئەم دیاردەیە زۆربەزەقیی كاری لەسەردەكرێت وبەدەرنین لەو گوتارە نە خشە بۆكێشراوەی كە خاوەنی سیستەمیكی بارگاویە بە نائەقلانیەت و پێچەوانەیە بەدیدوتێڕوانینی سەردەم و بگرە زۆرجاران لە كۆمەلگایانەدا پیاوو خۆی بەكردە گارو تاكە پرۆسیسی مانەوەی كۆمەڵ دەزانێت و پێی وایە گەر ئەو نەبێ ئەوا تەواوی ئەوسترۆكتۆرانەی كە كۆمەڵی لەسەر بەندە توشیی لێكترازان و هەڵوەشاندنەوە دەبێت و بە ئاسانی خۆیی ناگرێتەوە . دیارە لەسایەی ئەم شێوە سیستەمەشدا كە ئاماژەما پێ كرد ئافرەت بە كائینێكی لاوازوو هیچ دەزانرێ و ڕووبوڕووی سەدان حاڵەتی خراپ و مەترسی داردەكرێتەوەو ڕێگەی نادرێ كار لەسەر ناسینی خۆیی و دەوروبەر بكاتەوە . بۆیە گەربەوردی بەم مەسەلەیەدا بچینەوە ئەوە دەبینی ئافرەت بەو پێیەی مرۆڤێكی پەراوێزخراوی كۆمەلگایە نەیتوانیوە بەباشیی ڕۆڵ وكارایی خۆیی بخاتە گەڕ بۆ خۆ قورتا ركردن و هێوەركردنەوەی خودی سایكۆلۆژیەتی خۆی . هەڵبەت ئەمەش بۆكۆمەلگایەك كەهەمیشە دەسەلآتی پیاوتیدا بالآدەست بوبێ شتێكی ئاسایی نییەو رەنگە كات و**

سەردەمێکی زۆری بویێ . چونکە کۆمەڵگایەك کە پیاوو تیایدا باڵادەستبێ ئۆتۆماتیکیەن کۆمەڵگایەکی نێرینەییە و ناتوانرێ بەئاسانی ئاڵوگۆڕیی تێدا بەرجەستە بکرێ بەتایبەت کە خودی پیاوو داڕێژەری تەواوی نەخشەو پلانەکانی سێستەمی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوریی بێت، ئافرەتان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا ناچاردەبن پیاوانە بیربکەنەوەولەسەر هەمان سیستەمی بیرکردنەوە و تێڕوانین بڕواننە هاوکێشەی مەسەلە جیاوازەکان و ئەو رووداوپێشهاتانەی کە دێنە پێش، ئەمەش وادەکات هەمیشە ئافرەت وەك بونەوەرێك کەبوونی هەیە ، خۆی وتایبەت مەندیەکانی خۆی نەناسێت و نەتوانێ بیریان لێ بکاتەوە وریگە چارەیەك دەست نیشان بکات بۆ دیاریی کردنی مرۆبوونی خۆیی بەم پێوانەیەشبێت ئافرەتی کورد بەگشتی تاهەنوکە ئەو توانایەی نی یە وەك مرۆڤێك. هۆشمەندانە بێتە پێشەوە و باس لەکێشە خودیە کانیان بکەن . چونکە لەکۆمەلگای ئێمەدا ئافرەتان هێندە بواریان بۆ دەرەخسێت کە تەنها لەنێوان خودی خۆیان قسە لەسەر گیروگرفتە کانیان و ئەو پێشهاتانەی کەبەسەریاندا دەهێنرێت بکەن . هاوکا ت دەبێ ئاماژەبەوەش بکەین کە ئەم قسەکردنەی کە ئافرەتان دەیکە ن بۆمەبەستی دۆزینەوەو دەست نیشان کردنی رێگە چارەی گونجا ویاخود بەشداری کردن نی یە لەودیدو بۆ چونانەی لەلایەن پیاوەوە لەمەر خۆیان و ئایندەی ژیانیان دەخرێنە بەرباس . بەلکو و جۆرێکە لە (تنفیس ) تەنانەت لە زۆربەی مالی کورددا بەتایبەتی گفتوگۆکردنێکی راستەوخۆو بێ کێشەو کەپت کردن و بابەتیانە لەسەر (خود) کەسێتی وپەیوەندیە کۆمەلایەتی یە رۆژانەیەکان کە ئافرەت پیوەستەپێیەوە لە نێوان ژن و میردێکیشدا بەرجەستەنابێ و رونادات ..چونکە زۆر جار ئافرەت بۆخۆی وەك (شت ) دەشوبهێنێ و ئامادەنی یە زیاتر بەقولایی کێشەکاندا بچێتەوە و ئەو مەودا دەستکردەی کە لەلایەن پیاوەوە بۆی کێشراوە لەنێوان بوون بە(شت) وخەم و دەردە دلێدا بپچڕێنێ و بسرێتەوە، چونکە کۆمەلگەی کوردستانیش کۆمەلگەیەکی داخراوەی یەکلایەو مێژوویی چەوسانەوەو ئازارو ئەشکەنجەی لەمەڕ ئافرەتان زیاد لەقۆناغێکی مێژوویی بڕیوەو سەرەداوی هەموو دەسەڵاتەکانی بە تێڕوانینێکی ئەفسانەیی لەجەستەی پیاودا تۆکمە کردوە، واتە ستراتیژی مێژووکردیی بۆدەست نیشان کراوەو بووەتە کۆمەڵگایەکی کراوە و ئاوەلایە بۆ رەگەزی پیاو .لەبەرانبەریشدا داخراوە ، چونکە ژنی کورد بەشداری کردنی ئۆرگانی نییەو ناکرێ دەست لەکاری سەرداریێتی وەربدات بەمەش لەڕوو وەستان و ئاوڕدانەوە لەململانێ و کێشمەکێشەکان دەگەرینێتەوە بۆ دەسەلاتی سیاسی و ئاینی و ئەخلاقی کەهەریەك لەوانەش بۆخۆی لەپشت دەسەڵاتی ڕەگەزی نێرە و هەموو رەفتارو ئەدگاری پیاو بەراست دەزانێت بۆ بەئەفسانە کردن و واقیع و ئاوەژووکردنەوەی لۆژیکی بەرەوپێشەوە چون هەر وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕێك کە لە دیدێکی ترەوە تەماشای کۆمەڵ بکات . لیرەشەوە ژن دەکرێتە بونەوەری دووەم و لە پلەیەکی نزمی هەرەمی کۆمەڵایەتی دا دادەنرێت . تائەو ئەندازەیەی کە لە بیر و ئەندێشەی هەرمێردێك دا ژنێك هەیە و وەك خەون ئەیەوێ چێژ وئارەزوو لە جەستەی ببینێ ، کەچی لە بیرو خەیاڵدانی هەرژنێکیشدا پیاوێك وەك یەکەیەکی پێویست وهاوکات ترسناك هەیە کەبەردەوام ناخەوی دەکروژێ واتە سێکس بەشێکە لەبیرولێکدانەوەی پیاو بەرانبەر بەژن و لەوروانگەیەوە تێی دەروانێ . تیئۆری فرۆید دەربارەی ژن بۆ پیاو لە دانانی سنورێك بۆپولین کردنی . واقیعی کۆمەلگەی داخراوی ئێمە دەخاتەروو . چونکە فرۆید سیکسی ژن بەهەمووئەوشتانە دەچوینێ

کەئامرازە بۆ سرینەوەی شتێکی تر .لیرەوە فرۆید حیسابی بۆئایین کردوە لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەتایبەت ئەوکۆمەڵگا ئەفسانەییە سیحراویەکان وەك بیریکی گەلەکی کە دەسەڵات دەدانەدەستی رەگەزی پیاو . بۆزیاتر روون بوونەوە لەم مەسەلەیەش دەکرێ بگەینە ئەو شیکردنەوەیەی کە لەبیری گە لیکی نائاگای رەها بەرهەم دەهینرێ و لەم نێواندە ژن دەبێتە ئامرازێکی بەرهەم هێنی رەگەزی کۆمەڵگاو دەبێ بەبەردەوامی لەجولەٚ دابێ . خوێندنەوەی دنیا لەنیوان فرۆید بۆ ئافرەت ودەوروبەردەمان گەیەنێتە ئەوەی کەلێرەوە ئاوەرێك لەئایینی ئیسلام بدەینەوە و پرۆسە بەردەوامەکانی ئەو ئاینە لەبەخشینی دەسەلآت بەرەگەزی پیاو وەك تیۆرییەکی بەرجەستەبوو دەست نیشان بکەین .چونکە لەئاستی گەشە سەندن و ئالوگۆر پێکردنی کاریزمای شەریعەتدا لە ئایینی ئیسلامدا هیچ شتێك قابیلی گۆڕان نییەو ناکرێ دەست کاری بکرێ .بەمەش ژن لەقورئان و ئایینی ئیسلامدا بوونەوەرێکی بێ ئەقڵە . لەبەرانبەردا ئەقڵ لەلای پیاوە . رەمزی ئامرازکردن وبەرهەم هێنا نیش لەجەستەی ژندا پەنچە نومایە بۆ بێ ئەقڵی و دەبێ ئەوبونەوەرەبێ ئەقلە ئەو ئەرکە لەئەستۆبگرێ و هاوکات لەخزمەتی سەرداره کەشیدا بێت کە پیاوە . بەم پێیەش رەگەزی پیاو دەتوانێ بەئاسانی کۆنترۆلی هەموو ئاکارو هەڵسوکەوتێکی دژکە لەرەگەزی ئافرەتدا بەرجەستە ئەبێ بکات و وەك خەسڵە تیکی ئامادەبوو بیان پوکێنیتەوە و ببێتە رێگریك لەبەردەوام گەشە کردن و نەشووماکردنی ئەقڵێکی دیی کەهاوکات رەنگە لەبەرانبەریشیدا دژبوەستێ . هەرلە و تیروانینە شەوە بووە کەئایین فەرمان دەدات با میردەکان دەسەلآتیان لەسەرژنەکانیان هەبێت (1) رابون ژمارە (4) ئەمجیالەوەش کەچەندین لیکدانەوەی هاودژ بەرانبەر ئافرەت و مێ بەگشتی ئەنجام دراوە ئەوەتا سانت ئۆگاستان. کەیەکێکە لەقەشە هەرەسەرەکێکانی ئاینی مەسیحیەت . دەڵێ (ئافرەت گیانەوەریکی کراوەیە . نەچەسپاوە و کیناویە لە ژیانداو خراپەکاری چێشتووە)

لە بەرامبەر هەموو ئەمانەش خودی ئافرەت کە بەردەوام لە خەسڵەتێکی تابۆ کراوی کۆمەڵگادا دەژی و کەسێکی ناهۆشمەند دەگوزرێنێ . رۆڵێکی زۆری هەیە لە گەشەپێدان و درێژکردنەوەی سیستەمی چەسپاو کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بوونی هەیە. لێرەوە وای لێهاتووە چۆن مرۆڤ لەگەڵ زیندان و هەندێ شتی خراپ عادەت دەگرێ ئاوا ئافرەتان لەژێر سایەی سیستەمێکی لەوچەشنەی ئاماژەمان پێ کرد هەست بە ئارامی و رەفاهیەتی ژیان دەکات ونایەوێ بە شێوەیەکی بابەتیانە وبنەڕەتی ئاڵوگۆڕ بەرجەستە بکات وبەردەوام دەگەڕێتەوە سەر ئەو هۆکارە خودیانەی کە رەنگە لە مناڵدانی خودی کۆمەڵگادا نەبێ و هۆکاری بابەتیش رێگرە و ئاستەنگیەك دەخولقێنێ بەوەی ئافرەتی کورد بەدەگمەن نەبێ توانای ململانێ و کێشمەکێشی برانەوەی نەخۆشیەکانی نییە و ناتوانێ ئەو کەپت و سەرکوت کردنە نەفی بکاتەوە وهەوڵبدات بابەتیانە وبەئاراستەیەکی تر تەوزیفیان بکاتەوە، چونکە ئاراستەی کارکردن بۆ بەدەستهێنانی مافەکان لە کۆمەلگاکانی (جیهانی سێییەم) بە گشتی وکۆمەڵگایی ئێمەدا بەتایبەتی ڕوویەکی خراپی وەرگرتوەو بوەتە هۆکاریی لاوازیی خودی ئافرەتان ، پەیوەندی نێوان نێر و مێ بە جۆرێك چەسپ بووە کە هەر هەوڵێك بۆ گۆڕینی وبەرەوپێش بردنی لە شۆڕشێکی چەندین ساڵە مەزنترە و دەکرێ بۆ ئەمەش هەردوو رەگەزەکە واتە . نێرومێ پێکەوە بە ئەنجامی بگەینن و هەنگاوی بۆ هەڵنێن.

بۆ یە لێرەوە دەچینە سەر ئەوەی کە کەپت وسەرکوتکردن لە سیستەمی دەسەڵاتی باوك سالاری یاخود راستی بڵێم دەسەڵاتی پیاو لە رۆژهەڵات بەگشتی و کوردستانی لەمەڕ خۆمان بەتایبەتی بوەتە پرۆسەیەکی بەردەوام و پرۆسیسێکی مۆترۆ بەکراوە لە کارو چالاکیەکاندا و تێهەڵکێش لە هەموو بوارەکاندا دێنە پێش و پەیوەندییەکی لاوازی نامۆی مرۆڤایەتی خوولقاوە کە هەندێ جار هەستیشی پێ ناکرێ و بەسەرماندا تێدەپەڕێ. واتە لە هەموو بارێکدا ئەو پەیوندیە نا ئەقڵانیی و ناتەواوەی کە بوونی هەیە پەیوەندیەکی دا سەپاوەو بەبێ ئاگا هەردوو رەگەزەکە بوونە قوربانی لۆژیکی ئەخلاق و بە پێوەرێکی جەنگەڵیانە مامەڵە لەگەڵ بەرەو پێش بردنی ژیاندا دەکەن و لەمەش زیاتر مێ قوربانی ئەوحاڵەتەیە کە ئاماژەم پێ کرد.

بەدیدو تێڕوانینێکی تریش کە بمانەوێ بەلایەکی ئەقڵانی دا بیسوڕێنینەوە و پارسەنگیەك دروست بکەین دەبێ ژن و پیاو (نێر و مێ) دەست لە شوێن و پایەی خۆیان هەڵگرن وکار لەسەر بنەماکانی ئەوگۆڕانکاریانە بکەن کە لەواقعی ئەمڕۆدا بوونیان هەیە ، ئەمەش بەرەچاوکردنی گۆڕانکاریە جیهانییەکان و ئەوڕووداوپێشهاتانەی کە کاریگەریان لە سەر بە دەست هێنانی مافەکانی ئافرەت داناوە هەنگاوێك بهاوێژن و سناتۆی کۆمەڵایەتی خۆیان فەرامۆش بکەن. ڕەنگە ئەمەش کارێکی ئەستەمبێت و کۆسپ و تەگەرەی زیادی بێتەڕێ. بەڵام گەر بتوانرێ کەپتی رۆژانەو لایەنە تابووەکان بشکێنرێ و بتەقێندرێتەوە ئەوە دەکرێ راستەوخۆ دەست بۆ سیستەمێکی شارستانیانە درێژ بکەین و ژیارێکی تاڕادەیەك سەردەمیانە بخولقێنن بۆئەوەی لانی کەم بەشێك لە کێشمە کێش و ململانییەکانی نێوو پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگا بەلاوە بنرێ وهاوکات لەو ڕێگەیەشەوە کێشە لەبنەهاتووەکانی ئافرەتان بنبڕبکرێن و بسڕێنەوە و لە بەرانبەریشدا شێوازی پەروەردەی خێزانی گەشەی پێبدرێ و بکرێتە بنەمایەك بۆ بەرجەستەکردنی بزاوتێکی بەهێزیی ئافرەتانە و کۆمەڵگایەکی بابەتیانەی لێوە بەرهەم بهێنرێ کە چیتر ئافرەت تێیدا بونەوەرێکی پەراوێزخراوو نەبێ وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە .....